

**مانگی هەنگوینی لە کەلتوری ڕۆمانیەکانەوە هات، بووك و زاوا بۆ ماوەی مانگێك لەسەر یەك هەنگوین و ئاویان تێکەڵ بەیەك دەکردوو ئەیان خواردەوە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە بەشیرینی و بەخۆشیی ببەنەسەر. پاشانیش ئەو کەلتورە بۆ ئەورووپییەکان گوازرایەوە و دواتریش بۆ هەموو دنیا. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو ماوەیە کەمترە دەبێتەوە تا دەگاتە هەفتەیەك یان کەمتر.**

**کاروان محەمەد لە هەفتەی یەکەمی هەنگوینی خۆیدا دەڵێت** « ماوەیەکی زۆر تایبەت و خۆشە چونکە یادگاریەکانی ئەو ماوەیە لای هەریەك لە ژن و پیاو زۆر تایبەتە بەڵام ئەگەر بێت و ئەو ماوەیە لە ناوبنەماڵەو خێزانەکان بەسەر ببرێت ئەوا ناتوانین ئەو یادگاری و ماوە خۆشە بەسانایی تۆماربکەین .

چونکە پەروەردەی ناو بنەماڵەکانی ئێمە لەسەر بنەمای شەرم و حەیا دروست بووە، هەربۆیە ناتوانین ئەو سەربەستیەمان هەبێت بە تایبەت بۆ کوڕان کە هەمیشە ماڵی باوکی لە دوای گواستنەوەی بووکەکە وا هەست دەکەن ئیتر ئەو کوڕە ئەوانی پشت گوێخستوە هەربۆیە زۆرجار کێشە ڕوودەدات.

**هونەر حامید چەند ڕۆژێکە لە ماوەی هەنگوینی خۆیدایەو بەسەفەر لەگەڵ هاوسەرەکەی چونەتە شاری هەولێر و دەڵێت** «ئەم سەفەرە ماوەیەکی زۆر خۆشە بۆ من بەتایبەت و بۆ هاوسەرەکەشم چونکە ئێمە هاوسەریمان لەرێگەی بنەماڵەوە دروست بوو نەماتوانی سەربەستیەکی وامان هەبێت لە یەکتر ناسین و قسەو باسیی دەزگیرانیمان بەڵام ماوەی چوار ڕۆژە لە سلێمانیەوە هاتوینەتە شاری هەولێر بۆ ئەوەی لەوێ ئەو ماوەیە بگوزەرێنین و دوور بین لە میوانی و کات گرتنی کەس و کارمان، ئێستا زۆر باشین بەیەکەوە ئەو شەرم و بێتاقەتیەی سەرەتامان ڕەویوەتەوەو زۆریش تایبەتە ماوەی هەنگوینی هاوسەران هەربۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێت.

**لەنجە فاتیح دەزگیراندارەو چەند مانگێکی تر دەچێتە مانگی هەنگوینیەوە و دەڵێت** «زور جار کە باسیی گواستنەوە دەکەین ئەوە بە هاوسەرەکەم دەڵێم کە ماوەی مانگی هەنگوینیمان چەند دەبێت بەڵام هەندێك بیانوو دێنێتەوە کە لەوانەیە نەتوانین ئەو ماوەیە بە باشیی بگوزەرێنین چونکە کاری هاوسەرەکەم لەگەڵ باوکییایەتی و ڕۆژانە پێویستی بەسەردان

کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٩٩)
٢٠١٠/٩/٢٧



# لە کۆمەڵگەی کوردیدا ماوەی مانگی هەنگوینی لە هەفتەیەک کەمترە

ئامادەکردنی: سۆزان عەلی

کردن دەبێتهە ر
لەبەر ئەمەیە کە ناتوانین بچینە
سەفەر ئەمانە هەموو
ئەو موبەریرانەن
کە دەزگیرانەکەم دەیهێنێتەوە هەر لەبەر ئەمەشە کچان بیانووی ئاهەنگی گەورەو پڕ خەرجی دەگرن، بۆیە من ناتوانم بیر لە مانگی هەنگوینی و سەفەر بکەمەوە پێموایە زۆربەی کچانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەم کێشەیەی منیان هەیە.

**هێشوو غەریب ئێستا لە ماوەی مانگی هەنگوینیدایەو دەڵێت** «ئەم قۆناغەی سەرەتای ژیانی هاوسەریی زۆر گرنگەو پێویستە زیاتر گرنگی پێبدرێت، چونکە ئەم ماوەیە ماوەیەکی زۆر گرنگە بۆ ژیانی هاوسەری هاوسەر ئەتوانێت ئەوە بکاتە بنەمایەکی باش بۆ ژیانی داهاتوویان، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەمە زۆر گرنگی پێنادرێت چونکە نەبووەتە کەلتور. تائێستاش بەپێی داب و نەریتی بنەماڵەکان و خێزانەکان ئەو ماوەیە تێدەپەڕێنین تا ئێستاش هەندێك لە کچەکان شەوی بوکێنییان لە ماڵی خەزورانیان تەواو دەکەن چونکە بۆ هەندێك لە خێزانەکان جوان نییە چوونە ئوتێل بۆ ئەوشەوە یان سەفەرکردن، ئەمانەش کاریگەری خراپیی دەبێت لەسەر دەروونی ئەو کەسە.

**کەژاڵ محەمەد ماوەی پێنج مانگە چووتە نێو کەژاوەی هاوسەرییەوە بەڵام دەڵێت** « دوای ئاهەنگی هاوسەریمان بۆ شەوەکەی چوینە ئوتێلێکەوە بەڵام ئەو شەوە نەمانتوانی پرۆسەیی کوڕو کچی خۆمان تێپەڕێنین بە هۆی سوڕی مانگانەی منەوە، بۆ بەیانیەکەشی گەڕاینەوە بۆ ماڵی خەزورم دوای سێ رۆژ لە گواستنەوەم ئەوسا من تەواو بووم. واتە بۆ یەکەمین جار کەهاوسەرەکەم هاتە لام لە ماڵی باوکی بووین ئەوشەوە خەریك بوو دەمردم لە ترسانا من بۆخۆم زۆردەترسام و زۆریشم شەرم دەکرد جا وەرە لەو ماڵەشدا بووین ژوورەکەی تەنیشتمان براکانی هاوسەرەکەمی تێدا بوو ئەوانیش شەوانە نەدەنووستن تا سەعات ٢ی شەو، لێتانی ناشارمەوە مردم و زیندوو بوومەوە ئەوەندەم بێزاری چەشت لەدەست هەفتەو مانگی هەنگوینی ئاخر کورد کوا کەلتوری ئەوەی هەیە کە مانگی هەنگوینیمان بۆ بکەن جگە لەوەش هەر شەوانە هاوسەرەکەم دەبینی تەنیا ئەوکاتانەی کە دەچوینە سەر میوانی، لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە خێرا دێن و میوانداریت دەکەن، من بۆخۆم لەگەڵ ماڵی خەزورم نەکرابوومەوە جاوەرە ماڵی کەس و کاریان ئەمانەو زیاتریش قۆناغە بێزارکەرەکانی مانگی هەنگوینیە.

# ئایا هاوڕێیەتی ئێستا

**هاوڕێیەتی پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵە لەسەر بناغەی خۆشەویستی و لێکگەیشتن و هەندێجاریش بەرژەوەندییەکی هاوبەش و دوولایەنە لەنێوان دوو کەس و هەندێجاریش زیاتردروســـت دەبێت. زۆر گرنگە ئێمە ئاگاداربین لە هەڵبژاردنی هاوڕێیەکانمان، چونکە لە کۆمەڵگە ڕەوشـــتی هاوڕێ لەکەسایەتی هاوڕێیەکەت بەدیار دەکەوێت، واتا زۆرجار خەڵك کەســـایەتی مرۆڤێك لەســـەر پێوەری ڕەوشتی هاوڕێیەکانی دیاریدەکەن و دەناسن. چونکە زۆرجار یەکێك مرۆڤێکی خاوەن ڕەوشتی باش بووە، بەڵام هاوڕێیەکی خاوەن ڕەوشـــتی خراپ بووە ئەویش هەر بە ڕەوشـــتی خراپ ناســـراوە، بەهۆی ئەوە ئێمە دەبێـــت بزانین چۆن هاوڕێیەکانمن هەڵدەبژێرین هەروەها هاوڕێش چەند جۆرێکی هەیە، فەیلەســـووفە کۆنەکەی یۆنان (ئەرستۆ) باسی ســـێ جۆرە هاوڕێیەتیمان بۆ دەکات کە ئەمانیش: هاوڕێی بەرژەوەندی کە**

**دالیا دەشتی**



## هاوڕێیەتی ڕاستەقینە دەبێ هاوسەنگی و یەکسانی هەبێ

کە دەڵێین ڕۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبین هاوڕێیەتی ڕاســـتەقینە نەماوە و تەنیا بۆتە بەرژەوەندی، بابزانین ئەم هەڵســـەنگاندنە تا چەند ڕاستە، (بەختیار حەمەدەمین) وەڵامی ئەم پرســـیارە دەداتەوە و دەڵێ «بەڵێ ڕاستە هاوڕێیەتی ئێستا وەك جاران نەماوە، ئەگەر ماشـــبێت تەنیا بۆ کات بەسەربردنە. لەزۆر بارودۆخدا تەنیا بۆ بەرژەوەندییە. بەخۆمان ڕۆژانە ئەوە ئەزموون دەکەین کە زۆر برادەر هەن هەتا کاری پێتە دەتناســـێت پاشان کە کاری پێتنەمـــا ئیدی هەر ناشتناســـێت. هاوڕێیەتی پێشتر باشـــتر بوو، ئەو وەختی زیاتر هاتووچـــۆی یەکتریان دەکردو خەمی یەکیان بوو هاوڕێی گیانی بە گیانی بوون، بەڵام ئێستا ئەو جۆرە هاوڕێیەتییە نەماوە.

دواتر (هونەر عەبدوڵـــڵا) بەپێچەوانەی ڕای بەختیار پێیوایە هاوڕێیەتی ئێستا زۆر پتەوتـــرە لەچاو زەمەنی ڕابـــردوو، چونکە هاوڕێیانی ئێســـتا زیاتر بەوەفاترن. هەروەها لەکاتی دروســـتبوونی هـــەر بارودۆخێکی ناهەموار، ئەوا هاوڕێیەکان ئامادەن هاوکاری یەك بکەن. **سەبارەت بەوەی ئایا هاوڕێیەتی ئێستا تەنیا بۆ بەرژەوەندییە. ئەو وتی:** تەنیا دەتوانم وەکو شەخســـی خۆم قسەبکەم دەڵێم نەخێر بۆ بەرژەوەندی نییە بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەگەر خودی ئەو کەسە باشبێت، ئەوا هاوڕێیەکەشی لەگەڵی باش دەبێت.

(بڕیار تەها)ش بۆچوونی وایە کە دەبێت پێش ئـــەوەی لەگەڵ یەکێـــك برادەرایەتی پەیـــدا بکەین، دەبێت ئەو کەســـە بەهەموو شێوەیەك تاقی بکەینەوە و پرسار لەکەسانی دەوروبەری بکەین لەبارەی کەسایەتیەوە ئایا شیاوی ئەوەیە بیکەیتە هاوڕێی خۆت یا نە. هەروەها درێژە بەقســـەکانی دەدات و دەڵێ: زۆر بەداخەوە بۆ گەنجی ئێستا بەبێ ئەوەی یەکێك باشبێت پێوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ دروستدەکات. ئەمەش بەڕای من زۆر هەڵەیە و هـــەر ئەمەش وایکردووە بڵێین هاوڕێیەتی ئێستا تەنیا بۆ کات بەسەربردنە و هیچی تر، وەکو خۆم باوەڕبکەن هاوڕێی وام هەیە کە یەکێکە لە کەسە نزیکەکانم، چونکە لە کارە خراپەکان ئاگادارم دەکاتەوە و لە کاری بـــاش نزیکم دەکاتەوە و ئامۆژگاری یەکدیش دەکەین بێئەوەی هیچ بەرژەوەندیەکمان پێکەوە هەبێت.

**خاتوو (کەژاڵ تەحسین) سەبارەت بە هاوڕێیەتی لەناو کچان وتی** «هاوڕێیەتی ئێســـتا پێوەندییەکی زۆر خراپـــە، چونکە زۆرجار گوێبیســـتی ئەوە بووینە دوو کەس هاوڕێی یەك بوونە و یەکێکیان ئەوی تریان فێری بەدڕەوشـــتی و کاری خراپ کردووە. بۆیە دەبێت کچ بزانێت چۆن چۆنی هاوڕێ بۆ خۆی پەیدادەکات و هەڵیدەبژێری. هەروەها گرفتێك هەیە لەلای کچان ئەویش ئەوەیـــە زۆر کچ هەن خۆش باوەڕن زوو باوەڕ بە هەموو کەســـێك دەکەن و هاوڕێـــی باش و خراپ لێك جیاناکەنەوە، چونکـــە زۆر هاوڕێـــش هەیـــە تەنیا ئەو کاتانـــە لەگەڵتە کـــە کاری پێتە. هەروەها لە دوا قســـەکانیدا وتی: بۆ کچان پێوەندی هاوڕێیەتی ئێســـتا بەهێزترە، چونکە پێشتر کچ نەدەبوو هاوڕێی هەبێت، بەڵام ئێســـتا زۆر ئاساییە.



# هاوڕێیەتییەکی لاوازە؟

**پێوەندییەکە تەنیا بۆ سوود وەرگرتنە و بەس. ئەمە هاوڕێیەتییەکی کاتییە و بەنەمانی بەرژەوەندییەکە هاوڕێیەتییەکەش نامێنێت. ئەوەی دووەمیان هاوڕێیەتی تەنیا بۆ خۆشییە، ئەمەیان بە ئاسانی دەیدۆزیەوەو بەئاسانی لە دەستت دەڕوا. بەڵام سێیەمیان هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیە. ئەوەیە کە لەسەر بناغەی یەکسانی لە ڕەوشتی ڕاستەقینەیی و پاکی و دڵسۆزی بنیاد دەنرێت. هەروەها (ئەرستۆ) ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر هاوڕێتییەک هەرسێ مەرجی تێدا بوو، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە هاوڕێیەتی ئێستایە وەکو دەڵێن پێوەندی هاوڕێیەتی زۆر لاواز بووە. هەندێک دەڵێن هاوڕێیەتی ئێستا تەنیا بۆ بەرژەوەندییە. بۆ ئەوەی بزانین پێوەندییە هاوڕێیەتییەکانی ئێستا لە ئاستێکدایە، با ڕاوبۆچوونی چەند کەسێک وەرگرین و خوێنەران بە بۆچوونەکانیان ئاشنا بکەین..**

بەختیار حەمەدەمین



## هاوڕێیەتی پێشتر باشتربوو

**لە کۆتاییدا خاتوو (دالیا دەشتی دزەیی) مامۆستای دەروونی و سەرۆکی ڕێکخراوی خزمەتگوزاری دەروونی بەم شێوەیە سەبارەت بە هاوڕێیەتی ئێستا دوا»** ئێمە ناتوانین بڵێین هاوڕێیەتی لەم سەردەمە لاوازە، چونکە ئامار و ڕاپرسیمان لەم بوارەدا نەکردووە، بەڵام ئێستا ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر فراوان بووە و خەڵک زوو پێوەندی دروستدەکەن لەگەڵ خەڵکانی تر، بۆیە زۆر خەڵک دەناسی و لەوانەیە هەندێکجار هاوڕێیەتی جیا نەکاتەوە لە شتی تر و هەندێکجار هاوڕێیەکان خەریکی ژیانی خۆیان دەبن و لەوانەیە نەتوانن هەموو جار پێوەندی بکەن لەگەڵ یەکتر بۆیە خەڵک وادەزانن کە هاوڕێی ئێستا ئاگاداری یەکتر نینە. هەندێکجار خەڵک ناسین لە کاتێکی کورتدا وادەکات بەباشی لەیەک شارەزا نەبن، بۆیە ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی لێکحاڵی نەبوون و نەگونجان، بۆیە دەبێت ئێمە بەباشی شارەزایی خەڵک ببین ئینجا متمانە بکەین بە یەکتر. ئێستا کارو مەشغەڵەت زۆر بووە و خەڵک پێویستی بە خەڵکانی ترە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کار، بۆیە دەبینی کە یەکێک ئیشی پێتە خۆی لێت نزیکدەکاتەوەو بایەخت پێدەدات، بەڵام ئەمە هاوڕێیەتی نییە، چونکە نابێت لەنێوان هاوڕێیەکان تەنیا بەرژەوەندی یەکێک لەبەرچاو بگیرێت و ئەوەی تر فەرامۆش بکرێت، بەڵکو دەبێت هەردوو لایەن بایەخ بەیەکتر بدەن و سوود لەیەکتر وەرگرن.

**مامۆستا پێیوایە قسەی دەوروبەر کاریگەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوەستێتە سەر ئەو کەسە، بۆیە دەڵێ:** ئەمە ڕادەوەستێتە سەر کەسایەتی مرۆڤەکە کە تا چ ڕادەیەک گوێ دەداتە قسەی خەڵک، ئەگەر هاتوو تۆ متمانەت بە هاوڕێیەکەت هەبوو، نابێت گوێ بدەیتە قسەی دەوروبەرت، چونکە تۆ لە ئەو نزیکی و لێی تێدەگەیت نەک خەڵکانی تر. ئەگەر تۆ متمانەت بەخۆت هەیە و متمانەت بە هەڵبژاردنەکەت هەیە پێویستە گوێ نەدەیتە قسەی خەڵک. جا بۆیە ئێمە دەبێت ئاگادار بین لەکاتی هەڵبژاردنی هاوڕێیەکانمان و تێبگەین لە بیروڕای یەکتر ئینجا ببین بە هاوڕێ و ئینجا لەیەکتر دەگەین و هاوسەنگی و یەکسانی هەیە لە بیروڕامان تا ڕادەیەک، خۆ ئەگەر هاتوو هەندێکجار جیاوازی هەبێت لە بیروڕامان، دەبێت ڕێز لە جیاوازییەکانمان بگرین.



# زۆر پەشیمانم لەوەی

ئا: ناسك سەعید

کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٩٩)
٢٠١٠/٩/٢٧
٥٢

ژیانی من هەرلەوکاتەی کە بڕیاری لەسەر درا هاوسەرگیری لەگەڵ عادلدا بکەم، کەوتمە چارەنووسێکی ڕەشەوە . تەنانەت ئەوەم پێنەبڕا قسەیەکیش لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە بکەم . باوکم پێی ڕاگەیاندنم عادل لەبەرئەوەی بنەماڵەیەکی دیاری شاری هەڵەبجەن دەبێت هەر شووی پێبکەیت . من جارێك لەخوشکەکەی بیستبووم کە نەخۆشی پەرکەمی هەیە، ئەوجا کە تووشی ئەو حاڵەتەش یەکسەر دەبێت دەبووریتەوە . زۆر بەمە خەفەتبار بووم لەبەر هەندێ ئەمەم بە نیگەرانییەوە بەدایکم وت، کەچی ئەو وتی : ڕۆڵە تۆ بۆچی لەقە لەبەختی خۆت دەدەیت، کوڕی واچاکت لە کێ دەستدەکەوێ . پێی وابوو کە ئەمە لەوانەیە دوایین کەس بێت لەدەرگای بەختی (شوو کردنی)من بدات . بەداخەوە ئەو وەڵامەی دایکم وایلێکردم کە بگەمە ئەو بڕوایەی ئەگەر لەخێزانەکەتدا دایك و باوك گوێت لێنەگرن و پشتگیریت نەکەن، هەرچییەك بڵێیت بێ سود دەبێت.

منیش بەناچاری ڕازی بووم و لەماوەیەکی کەمدا پرۆسەکەمان بەکۆتا گەیشت، جا لەبەرئەوەی عادل ئەو نەخۆشییەی هەبوو خێزانەکەیان پێیان خۆش نەبوو ماڵی جیا دروستبکات، بۆیە پێکەوە لەماڵێکدا دەژیاین . نیوەڕۆیەك بوو کە عادل ئەو حاڵەتەی بەسەردا هات، بۆماوەیەك بێهۆش بوو، تەنها من و دایکی لەماڵ بووین، زۆر ترسام کاتێك بەو شێوەیە بینیم، نەمدەزانی چی لێبکەم ئەوەندەم پێکرا هاواری خەسوم بکەم تا فریای بکەوێت . پاش کەمێك بەهۆش خۆی هاتەوە و ئاسایی بۆوە، ئیتر ئەوەندەی دیکە من توشی دڵەڕاوکێ و نائارامی بووم چونکە بۆم ڕوون بۆوە کە عادل نەخۆشیەکەی هەرماوە و چاك نەبۆتەوە . ئەمەم بۆ دایکم باس کرد وتی: قەینا باش دەبێت. لە ڕاستیدا باوەڕیان پێنەدەکردم تارۆژێك لەگەڵ ماڵی باوکم چووین بۆ سەیران و لەوێ توشی ئەو حاڵەتە بوو باوکم و دایکم نەیاندەزانی چی لێبکەن و نەیاندەزانی چی بەمن بڵێن بەتایبەت دایکم زۆر هەستی بە ئیحراجی دەکرد . ئەم نەخۆشیەی عادل وردە وردە پەرەی دەسەند و ڕۆژ بەڕۆژیش خراپتر دەبوو، تاوای لێهات پزیشك چارەسەری بۆ دانا، من نەمتوانی بەو شێوەیە لای عادل بمێنمەوە بۆیە داوای جیابوونەوەم لێکرد، بەو حاڵەی تا توانیم قەناعەت بە باوکم و دایکم بکەم تا لەعادل جیاببمەوە زۆر زەحمەتم کێشا چونکە پێیانوابوو ئەگەر من تەڵاق بدرێم دەبێتە لەکەیەکی تەواو عەیبە بۆ بنەماڵەکەم، بەڵام منیش پێموتن ئەگەر ڕازی نەبن خۆم دەسوتێنم.هەرچۆنێك بوو ئاخرییەکەی من و عادل جیابووینەوە.

حەوت مانگ بەسەر جیابونەوەکەماندا تێپەڕیبو کە نووخشە خانی دراوسێمان ڕۆژێك هات بۆماڵمان و وتی : بۆچی شوو بە ڕزگاری برام ناکەی ؟ براکەی ساڵی پێشتر ژنی هێنابوو و کوڕێکیشی هەبوو، ئەوان پێکەوە نەگونجابوون بۆیە تەڵاقی دابوو. هەرچەند بڕیارم دابوو شوو بەکەسێك نەکەم کە منالی هەبێت بەڵام لەو بڕوایەدابووم کە چارەنووسمە کە لەگەڵ ڕزگار زەواج بکەم . ڕاستییەکەی ئەم زەواجەم تەواو بە بڕیار و دڵی خۆم بوو، چونکە ڕزگار کوڕێکی سەرنجڕاکێش و هاوکات لایەنی ماددیشی زۆر باش بوو، خۆم ڕازی بووم کە کوڕەکەشی بۆ بەخێو بکەم، لەسەر ئەو شتانە ڕێککەوتین و هاوسەرگیریمان کرد.

ڕزگار بەهۆی کارەوە لە سلێمانی دائەنیشت و ماڵی لەوێ بوو، ژیانمان بۆ ماوەیەك تەواو ئاسایی بوو من زۆر خۆشحاڵ و ئاسودە بووم، بەڵام ئەوەی منی نیگەران دەکرد خۆ هەڵقورتاندنی خێزانەکەی بوو لەهەموو شتێك ژیانی ئێمە . لەوکاتەدا من بۆ یەکەمجار سکم بوو. چەند جارێك باری تەندروستیم خراپ بوو بەڵام ئەوان گوێیان پێنەئەداو بەچەندین ڕۆژ لەماڵمان دەمانەوە . سەرەتا کە زانیان سکەکەم کچە خەسووم خۆی لێ عاجز کردم هەروەك بڵێیت من خۆم دروستم کردووە . تامناڵەکەم نەبوو بەو ماڵەدا نەهاتەوە، ڕزگار لەهەموو شتێکدا پرسیی بەدایکی دەکرد بەبێ ڕای ئەو هیچ کارێکی ئەنجام نەئەدا، زۆر لەدایکی نارەحەت تربو کەکچمان بوو، دوای منالی یەکەم دووبارە سکم بۆوە ئەمجارەشیان هەر کچم بوو، ئەوەندەی تر شەڕەکەیان لەگەڵمدا قورس کرد، تەنانەت باسی هاوسەرگیری یەکەم جاری منیان دەکرد و بەچاویان دەدامەوە و ڕزگار پێی دەوتم : ئەگەر باش بوویتایە تەڵاق نەدەدرایت بەداخەوە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوون لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵمدا . من نەشمدەتوانی بە دایکم و باوکم بڵێم لەبەرئەوەی بە بڕیار و دڵی خۆم شووم بەڕزگار کردبوو.

ڕزگار هیچ گوێی بە کچەکان نەئەدا هەر کوڕەکەی خۆی لەباوەش دەگرت و نازی پێئەدا ئەگەر بتبینیایە وات هەستدەکرد کە ئەم کچانە منالی کەسێکی بێگانەن نەك هی خۆی . ڕۆژێك کچە بچوکەکەمان نەخۆش بوو داوام لێکرد بیبەین بۆ نەخۆشخانە، بەڵام نەهات لەگەڵمدا و وتی : خۆت بیبە، لەسەر ئەوە لێمان بوو بەناخۆشی بۆیە ڕزگار زۆر بی شەرمانە کەوتە لێدانم، منیش بەهۆی ئەو ڕقە ئەستورەی کە هەمبوو بڕیاری خۆ سوتاندنم دا، ودەستەبەجێ هەستام نەوتم بەخۆم داکرد و خۆم سوتاند . کە ئاگر لە جەستەم بەرز بۆوە لە تاو ئازاری سووتانی لەشم کردمە قیژە و هاوار، بەو جۆرە دراوسێکانمان گوێیان لەدەنگی هاوار و گریان بوون و فریام کەوتن و کوژاندیانمەوە . بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەمەوە بۆماوەی ٣ مانگ لەنەخۆشخانە مامەوە، دواتر لەنەخۆشخانە دەریانکردم و چوومەوە بۆماڵی خۆم . هەر ئەو کاتە لەنەخۆشخانە بووم ڕزگار پووری ناردبوو کە دەبێت جیا ببینەوە، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك قبوڵم کرد، سەرباری هەموو ئەو ناخۆشیانەی بەسەرمدا هات داوای مناڵەکانیشی نەکردەوە،منیش دڵم نەهات پێیان بدەمەوە، ئێستا بەجەستەی سوتاوەوە نازانم چ بڕیارێکی تر بدەم بۆ چارەنوسی ژیانی خۆم و

# خۆم سووتاند

بەخێوکردنــی منداڵــەکان چونکــە لــەلای خوشکێکم دامناون و ناتوانم بیانهێنمەوە بۆلای خۆم، لەبەرئەوەی نامناسـنەوە کە من دایکی ئەوانم، بەهۆی سـوتانەکەوە روخسـارم تەواو شێواوە، ئەوەندەم پێدەکرێت رۆژانە تەمەنی خۆم بەفرمێسك و خەمەوە بەرێ بکەم.

